# قولبوونةوة بة ضةمكي سةفةردا



وةرطيراني : حةمة عةباس
hama_abbas@msn.com

سەفەر زیندووترین و سەرنج راکێشترین بابەتێکە کە هەمیشە مرۆڤ لەگەڵیدا کەوتۆتە کێشەوە، لە ڕاستیدا ئەگەر سەفەر نەبوایە ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین جیهان و بە ناچاری بیری لێدەکەینەوە بوونێکی دەرەکی بۆ ئێمە نەدەبوو بە واتایەکی تر گەر سەفەر نەبووایە، ئامادەگی مرۆڤ نەدەبوو، ئێمە لە بازنەی مانایەکی دیکەدا دەبووین، ئێمە لە حاڵەتێکی دیکە دادەبووین، بەم شێوەیە دەبووین کەسەرەتاو کۆتاییەکەمان بۆ ئاشکرا نییە.

بوونی ئەمڕۆمان بە ستراوەتەوە بە سەفەرێك، کە دوو ئاراستەو چەندین، خوێندنەوە دەگرێتە خۆی، ئاراستەی مێژوویی ـ ئەفسانەیی، کە لە ڕێگای بیرکردنەوەی مرۆڤ لە کتێبە پیرۆزەکان و دەقە کۆنەکان دەستمان پێی دەگات و ئاراستەی دووەمیش مێژوویی– زانستی، کە لە ڕێگای زانست و وشیارییەوە پێیگەیشتوین،

هەر یەکێك لەم ئاراستانەش لەسەردەمە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا  جۆرەها خوێندنەوەی بۆ کراوەو هەریەك لە ئێمەش لەسەر بنچینەی زانین و هۆشیاری خۆمان دەربارەی وجودی خۆمان باوەڕمان بە ئاراستەیەك یا زیاتر لە ئاراستەیەك هێناوە.

ڕەنگە هیچ یەکێك لە ئێمە نەتوانین پێناسەیەکی ورد بۆ سەفەر بخەینە ڕوو، چونکە تێڕوانینی هەر یەکێکمان بۆ سەفەر لە سنووری ئەزموونە خەیاڵی و عەینییەکانی خۆمان سەبارەت بە سەفەر سنووردار دەبێ.

سەفەرەکان جۆراوجۆرن، سەفەر هەیە زەینییە و سەفەر هەیە عەینییە هەندێ سەفەر زەینی ـ عەینین، هەندێکیشیان عەینی ـ زەینین. سەفەرەکان چەندین تایبەتمەندیان هەیەو چەندین هۆکاریش هەن بۆ خولْقانی سەفەر، بەڵام گرنگی هەموویان وەك یەك نییە، دەتوانری ئاماژە بە چەندین ناوو هۆکاری تایبەت بدرێ کە دەبنە هۆی سەفەر کردن.

جێگۆڕکی کردنی ئێمە لە نێو منداڵدانی پڕ لە ئارامی دایکەوە بۆ  ناو لانکێکی نائارامی ئەم دنیایە، یەکەمین یادەوەری سەفەرمانە، ئەمە ئەزموونێکەو هەموومان پێیدا تێپەڕیوین، بەڵام جێگای داخە کە شتێك لەو یادەوەریەمان نایەتەوە یاد، هەندێك لە ئێمە کە دیقەتمان داوەو پرسیار گەلێکمان هەبووە، دایك، یا پەریستار، یا هەرکەسێ کە لەوسادا ئامادە بووبێ، ئەو ساتە لە دەست چووەیان بۆ

گێڕاوینەتەوە، کە تیایدا هاواری ناڕازی بوونمان کردووە، هیچ شتێکمان لەو یادەوەرییە نایەتەوە بیر کە بەدرێژایی تەمەنی ناچارانەی خۆمان لە هەوڵ و تەقەڵای ئەوەداین ئەزموونێکی هاوشێوەی ئەمە بهێنینە ئاراوە بەڵام ناکرێ، هەندێك جار لەو ئەزموونە نزیك دەبینەوە، کەچی هیچ ئەزموونێك نییە وەك جێهێشتنی دنیای ناو منداڵدان بێ بۆ ئەم دنیایە، رەنگە تاکە ئەزموونێکی هاوشێوەی ئەوە جێهێشتنی دنیای ژیان بێ بەرەو دنیای مەرگ، دیسان بە داخەوە هیچ کامێکمان ئەزموونێکی وامان نییە.

کۆنترین سەفەرێکی دەستە جەمعیی ئێمە دوور خستنەوەی ناچارانەی ئادەم و حەوایە، ئەم یادەوەرییە تێمان دەگەیەنێ، کە سەفەر لە ناوەڕۆکدا بارێکی زۆر دەگمەنی هەیە، ئەفسانەی دەرکردنی حەوا لە بەهەشت یا لە دنیای یەزدانی ئەوەنیشاندەدا، کە سەفەر بە حەزو ئارەزووی مرۆڤ بۆ هۆشیاری و زانین لە زیاد بووندایە، حەوا دەیەوێ تێبگات، پەی بە خۆیی و دەوروبەرەکەی ببات، لە بێ هەستییەوە بگاتە بەهەستی، لە نائاگاییەوە ئاگایی وەدەست بهێنێ، کەواتە دەبێ بزاوتێك بکات بۆ فەرمانشکاندن، بە پێچەوانەی یاسا، بە پێچەوانەی چەوساندنەوە، بە پێچەوانەی پێشپێگرتن، حەوا دەیەوێ شوێنی خۆی رەتبکاتەوە، دەیەوی ئەو سنوورانە جێبێڵێ کە بۆی دیاریکراوە، ژیان و بەردەوامی خۆی لەمەوە دەبینێ، کە شوێنێك بەرەو شوێنێکی تر جێبهێڵێ، بۆیە میوەی بە ئاگا هاتن دەخوات تا بە ئامانجی خۆی بگات، میوەی بە ئاگاهاتن دەخوات تا بتوانێ سەفەرێك دەستپێبکات.

حەوا دەیەوێت دنیای فەرمایشت و سنوورە داخراوەکان جێبێڵێت و بچێتە نێو دنیای ئازادو ئاوەڵای بە ئاگایی و ئەزموونەکان، حەوا ژیانی چالاکانەی پێ باشترە لە ژیانێك کە لە ناو هەڵچووندابێت، دەزانێ کە لە سەفەردا خواست و ئیرادەو ژیانی هۆشیارانە هەیە، کاتێ ژیانیش بچێتە پاڵ هۆشیاری، ئەزمون هەیە، کە ئەزموونیش هەبێ، ژیان و عەقڵ دەچنە پاڵ یەکترەوە، عەقڵیش دەتوانی هەڵبژاردن بێنێتە ئاراوە، کە عەقڵ نەبێ هەڵبژاردن نییە، هەموو بزاوتێکی مرۆڤ هەیە، هەموو جێگۆڕکێیەکی مرۆڤ بە هۆی هەڵچوونەوەیە لە هەڵبژاردندا نییە، کاتێکیش هەڵبژاردن نەبێ واتە تاکێتی نییە، کەسێتی نییە، بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی نییە، ئازادی مرۆڤ مانایەك نابەخشێت.

کەواتە یەکێك لە سەرەتاییترین تایبەتمەندییەکانی سەفەر ئەوەیە دەتوانێ بۆ مان بسەلمێنێ کە نیشانەیەکە بۆ هەست و هۆشیاری و زانین و ئەزموون و هەڵبژاردن، کە هەموو ئەمانە لە کەسێتی و تاکێتی مرۆڤدا چڕدەبنەوە. لە راستیدا ئەگەر ئەم مەیلە یا ئەم ناوەڕۆکە بەسەفەری مرۆڤ نەبەخشین، نەمان توانیوە سنوورێك لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دیاری بکەین.

بێگومان هەمووومان زانیارییەکمان لەسەر سەفەرەکانی (ئۆلیس) لە (ئۆدیسا)ی نووسینی هۆمیرۆس هەیە، سەفەرەکانی ئۆلیس ئەزموونی دنیای خواوەندەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەهەمان شێوە سەفەرەکانی عەلائەدینیش ئەزموونی دنیای خەیاڵ و حەسرەتی زەمینیمان پیشان دەدات، ئەم دوو سەفەرە ئەگەرچی هەردووکیان لەسەفەرە خەیاڵییەکانی مرۆڤن، بەڵام دەبینین هەر یەکیان بە هۆی خواست و بارودۆخی مێژوویان جیهانێکی تایبەتمان بۆ بەرجەستە دەکەن و مەبەستی گواستنەوەی ئەزموونی خۆیان هەیە.

(مێژووی ئیدا)ش سەفەری خواوەندەکان یا ئەفسانەکانی نەرویجی یا ئەورووپای باکوور نیشاندەدات، کە باس لە ونبوونی چەکوشی (تور) دەکات، لەوێدا (تور) بۆ بەدەست خستنەوەی

چەکوشە ون بووەکەی یا ئەو چەکوشەی کە (تریم) دزیویەتی ناچار دەبی سەفەر بۆ ماڵی (تریم) بکات، ئەمە سەفەرێکی زەینی . عەینییە، (تور) دەیەوێ چەکوشەکەی لە (تریم) بسێنێتەوە، مەبەستەکەی (تور) زەینییەو بزاوتەکەی یاخود چالاکییەکەی عەینییە. (لۆکی) داوا لە (تور) دەکا جل و بەرگی بووکێنی (فرویا) بپۆشێت، چونکە مەرجی دانەوەی چەکوشەکە لە لایەن (تریم) زەماوەند کردنییەتی لەگەڵ(فرویا) دیسان رووبەڕووی سەفەری زەینی و سەفەری عەینی دەبینەوە. زەماوەندو مەبەستەکەی (تریم) زەینییەو گەڕانەوەی چەکوشەکەی (تور) عەینیە. هەر ئەم رێککەوتە زەینی . عەینییە لەم چیرۆکە ئەفسانەییەدا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، (تور) نایەوێ جل و بەرگی (فرویا) بپۆشێ، چونکە پێی وایە ئەمە لە شان و شەوکەتی ئەو ناوەشێتەوە، بەڵام ناچاریشە بۆ بەدەست خستنەوەی چەکوشەکەی بیپۆشێت، نەپۆشینی کراسەکەی (فرویا) لەلایەن (تور)ەوە مەبەست یا سەفەرێکی زەینییە، ناچار بوونی پۆشینی کراسەکە رێککەوتنێك یان سەفەرێکی عەینییە، بۆیە بزاوت یا سەفەری (تور) بۆ ماڵ یا شوێنی (تریم)و وەرگرتنەوەی چەکوشەکەی هەم سەفەری زەینی- عەینییەو هەم سەفەری عەینی- زەینییە. چەندین نموونەی دیکەش لەمبارەیەوە هەن کە پێویست بەباسکردن ناکەن.

ئەگەر چیرۆکی هۆمیرۆس یا ئیدا سەبارەت بە خواوەندەکان و دەقەکان لە جیهانێکدا بن، کە ناتوانین پێیان بگەین و راستەوخۆ یەکالایان بکەینەوە، ئەوا ناچارین بە هۆی جێگۆڕکێ و سەفەری زەینی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پەی بە رووداوو سەفەرەکان ببەین. لە چیرۆکی هەزارو یەك شەوەدا رووبەڕووی ئەم کێشانە نابینەوە، چیرۆکە یەك بەدوای یەکەکانی هەزارو یەك شەوە بۆ سەفەرێکمان دەبەن لەگەڵ ئەوەی کە زۆر زەینین زۆریش عەینیو جێی باوەڕن، هەروەها زۆر بە ساناییش ئەزموونی عەینییەتی ژیان ومردنمان لا گەڵاڵە دەکات.

لە چیرۆکی هەزارو یەك شەوەدا، تایبەتمەندی سەفەر، سەفەری زەینی و سەفەری عەینی بەئاشکرا هاوجووت بوونیان لەگەڵ یەکتر بەدەر دەکەوێ. لەوێدا شا هەرشەوەی کچێك دەکاتە قوربانی خۆی، کە نۆرە دەگاتە شەهرەزاد، ئەویش بۆ دەرباز کردنی گیانی خۆی و کچانی دیکە هەرشەوەی چیرۆکێك دەگێڕێتەوەو کۆتاییەکەی بۆ شەوی داهاتوو جێدەهێڵێ، شا بۆ بیستنی پاشماوەی چیرۆکەکە یا ئاگادار بوون لە ئەنجامی چیرۆك و سەفەرەکان واز لە مەرگی شەهرەزاد دێنێ تاکو شەوی دواتر درێژە بە چیرۆکەکەی بدات، لە راستیدا شا یا خوێنەر لەهەر چیرۆکێکدا سەرەتا شوێن پێی کۆتایی چیرۆکی شەوی رابردوو هەڵدەگرێ و دواتر دەچێتە ناو چیرۆکێکی دیکەوە.

لە چیرۆکە یەك لە دوای یەکەکانی هەزارو یەك شەوەدا جگە لەو هەموو سەفەرە زەینی و عەینیانەی کە بەمەستی زەینیو ئەنجامی عەینی کەسایەتیەکان روودەدەن، سەفەری مرۆڤیش لە ژیانەوە بۆ مردن یا لە مردنەوە بۆ ژیان دەبینین و دەتوانین بەهۆی بەسەرکردنەوەیان لەم شوێن و کاتانەدا سەفەر بکەین، کەبەرەو رووی ئەزموونی مەحاڵمان دەکەنەوە، هەروەها لەم کتێبەدا بە زەینی بوون و عەینی بوونی سەفەری هێما دارو ئەفسوناوی ئاشنا دەبین و ئەزموونی سەفەریان لێوە هەڵدەهێنجین.

لەسەفەرەکانی عەلائەدینیش دەتوانرێ سیمبوڵی زەینییەتی مرۆڤ لەسەفەرەکانی خۆرهەڵاتدا ببینرێ، سەفەرەکانی (گالیڤەر)یش لە کتێبی (سویفت)دا سیمبوڵی زەینییەتی مرۆڤ لە خۆرئاوا،سەفەر لە خۆرهەڵات و سەفەر لە خۆرئاوا بە شێوەی زەینی . عەینی لەم کتێبەدا بەسانایی دەبینرێن.

لەسەفەرە عەینییەکانیش چەندین بەرهەممان هەن دیارترینیان سەفەرەکانی (مارکۆپۆلۆ)یا سەفەرە عەینییەکانی (مارکۆپۆلۆ) بەهۆی ڕێی (حەریر . ئاوریشم)ەوە نموونەی هەرە درەوشاوەی سەفەری عەینی مرۆڤ و ئەزموونە زۆرو زەوەندکانییەتی، هەروەها سەفەرەکانی (ئامریکۆ ڤیسپۆچی) بۆ وڵاتی سوورپێستەکان و دۆزینەوە یان داگیرکردنی ئەو وڵاتە بەناوی سەفەرکردنەوە دوای (کریستۆڤەر کۆلۆمبس) کەوتە سەر زاران.

هەریەك لەئێمە چەندین سەفەر نامەمان لە یادە، هەریەك لەم سەفەرانە ئیرادەیەکی لەگەڵدا بووە بۆ ناسین و زیاتر گەشە سەندنی مرۆڤ، هەروەها ئەوەش دەزانین کە عەلائەدین بە چرا ئەفسوناوییەکەیەوە توانی زۆرێك لە ئامانجەکانی خۆی بێنێتە دی، (مارکۆپۆلۆ)ش بە گەڕان و پشکنینە چاو نەترسەکانی خۆی گەلی ئامانجی گرنگی هێنایە دی.

لە ڕووداوی سەفەر و بە دوا داچوونەکان، سەفەرنامەکان بەسەرهاتی عەینی لە دنیای زەینی و بەسەرهاتی زەینی لە دنیای عەینی سەردەمەکانی پێشوومان بۆ دەخاتە ڕوو، ئێمەش هەوڵدەدەین ئەم تایبەتمەندیە بۆ سەردەمی دوای خۆمان بگوازینەوە تا زنجیرەی پەیوەندییە مێژووییەکانمان بەردەوام بێت. لە ڕاستیدا سەفەرەکان ئەڵقەی پەیوەندییە هزرییەکانن لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، کەواتە بۆ خستنەرووی پێناسەیەکی ڕێژەیی پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگرین، کەسەفەر گواستنەوەی هزرە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە. جا ئەم هزرە لە ڕێگای منی تاکەوە شێوەی گرتبێ یا لە ڕێگای منی کۆوە، یاخود ئەم سەفەرە زەینی بێ یا عەینی. مەترسی مردنی شەهرەزاد یا ڕێککەوتی سەفەر عەینییە، ئەگەر شا بڕیاری خۆی جێبەجێ بکات شەهرەزاد لە ژیانەوە بەرەو مردن سەفەر دەکات، ئەگەر بڕیاری شەهرەزاد جێبەجێ بێت و قۆڵ و باسکی خۆی بۆ کارکردن هەڵبکات لەوە سەرکەوتوو دەبێت کە لە مردنەوە بەرەو ژیان سەفەر بکات. ئەم دووحاڵەتە کە هەم باری زەینی و هەم باری عەینی هەیە، ئەگەری ئەزموونی سەفەر لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە مەیسەر دەکات و ئەم ئەزموونەمان پێدەبەخشێت، بەم جۆرە ئەم هەنگاوەی شا و چیرۆکبێژیی شەهرەزادیش ڕێککەوت یا سەفەرێکی زەینییە.

هەر سەفەرێك دەشێ زەینی بێت، بەڵام ئەزموونێکی هزری عەینی پیادە کردبێ، وەك زۆربەی دانراوەکانی (جۆل ڤێرن) لەوانە (هەشت فەرسەخ لەژێر دەریاوە) و (سەفەر بۆ قووڵایی زەمین) کە سەفەرمان لە ئەزموونێکی زەینییەوە وەك سەفەرێکی عەینی پێدەناسێنێ، دەشبێ سەفەری عەینی بێت و ئەزموونێکی هزری – زەینی تێدا ڕەنگ ڕێژ کرابێ، وەك (دۆن کیشۆت)ی سێرڤانتس کە تیایدا سەفەر لە ئەزموونێکی عەینییەوە بە ئەزموونێکی زەینی دەناسێنرێ.

زەینییەتی (دۆن کیشۆت) لە عەینییەتی ڕووداوەکانی لای ئەو مەیل و خولیای سەفەری عەینی . زەینی دێنێتەوە ئاراوە.

دەشێ لەیەك کاتدا سەفەری زەینی و سەفەری عەینی بەیەکەوە هەڵبکەن وەك ئەوەی لە ڕۆمانی (ئۆلیس)ی (جیمس جۆیس) یا (ڕۆژگاری لەدەستچوو)ی (مارسیل پرۆست)دا هەیە، لەم دوو ڕۆمانە مەزنەو زۆر دانراوی دیکەشدا، خوێنەر لەسەرەتادا ڕووبەڕووی سەفەرێکی درێژکۆڵە (ئاسۆیی) دەبێتەوە کە قەبارەی ڕۆمان و کاتی خوێندنەوەی پێوە بەندە و سەفەری عەینی دێنێتە ئاراوە، ئەم سەفەرە

عەینییە کە خۆی بەرهەمی خەیاڵچنی نووسەر یا چیرۆکبێژە، بە جۆرێك سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ کەوا هەست دەکات کەوتۆتە دەرەوەی کات و شوێنی خوێندنەوە کەو وا دەزانێ لە کاتەکانی سەفەردایە، لە قۆناغی دواتر خوێنەر رووبەڕووی سەفەرێك بۆ قووڵایی دەبێتەوە و تەنها لە شوێنی خۆی سەفەری نەکردووە، بەڵکو چۆتە کات و شوێنەکانی ژیانی نووسەر یا کەسێتییەکانی رۆمانەکە، کە دەتوانێ پشکی خۆی لە سەفەری زەینی کەسایەتیەکان بەربکەوێ، ئەم دەستکەوتەش سنوورێکی هاوبەش لە نێوان زەینییەت و عەینییەت دروست دەکات و تا رادەیەکیش بی دیاریکردن جێی دەهێڵێ و خوێنەر بۆ سەفەرە زۆرو زەوەندەکانی ئەملاو ئەولا دەبات و هەستی بێداریی لە خەودا یاخود خەوتن لە بێداریدا پێدەبەخشێ، ئەو هەستەی کە زۆربەمان لە دوای بڕیاردانی سەفەرو بەر لە بزوتن هەندێ جار بۆمان رایی بووە.

بێگومان نموونە زۆرن، زۆربەی کارەکانی (شکسپیر) لەم بابەتانەن، دیارە کە (شکسپیر) لە رێگەی ئەزموونە عەینی– مێژووییەکان دەست بۆ ئەزموونە زەینییەکان دەبات و هەوڵدەدات بە یارمەتی ئەوانەوە هزرێکمان بۆ بخاتە روو. گێڕانەوە عەینی . مێژووییەکانی (شکسپیر) وەك(هاملێت) یا (ریچارد)ەکان و(هانری)یەکان بوونیان هەیە، بەڵام خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە عەینیانە ناتوانن ببن بە ئەگەرێکی فراوان بۆ گەیاندنی هزری سەفەر بە خوێنەر، لە راستیدا بە خوێندنەوەی ئەم دانراوانەو هاوشێوەکانیان وەك (مێژووی پلوتارك) یاخود (مێژووی شارستانییەت)ی (ویل دیورانت) خوێنەر تەنها زانیاری لەسەر ئەزموونی مێژوو پەیدا دەکات، ئەم زانیاریانەش ناتوانن ئەزموونێکی هاوشێوەی پێببەخشن، چونکە ئەم دانراوانە تەنها شتە عەینییەکانن و ناتوانن ئەگەری سەفەر بێننە ئاراوە، هزری سەفەر یا ناوەڕۆکەکەی لەمەودای خوێندنەوەدا شێوەو روخساری دەرەکی هەیە، سەربەخۆو لە دەرەوەی خوێنەر لە بزوتن دایە لە کاتێکدا کە کاری زەینی ـ عەینی یاخود عەینی ـ زەینی ئەگەری تێپەڕین یان سەفەر کردن بەناو ئەم ئەزموونەدا بە شیاو دەزانێ، خوێنەر بەناو ئەو ئەزموونەدا تێدەپەڕێت و بەرەو ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی دەچێت، لە راستیدا ئێمە رۆڵێکی زنجیرەییمان هەیە، نووسەر یا گێڕەڕەوە لە ئەزموونێکی عەینییەوە پەل بۆ ئەزموونێکی زەینی دەهاوێژێ و هۆشیاری و کارامەیی خۆی وەك ئەزموونێکی عەینی دەخاتە کارو خوێنەریش لەم ئەزموونە عەینییەی نووسەرەوە ئەزموونێکی زەینی وەردەگرێت.

یەکێك لە دیارترینی ئەم بەرهەمانە(ئەفسانەکانی حەوت گومبەز)ی نیزامی گەنجەوییەو دوای ئەویش(زمانی باڵندەکان)ی فەریبەدین عەتای نیشابووری، کە لە کتێبی (زمانی باڵندەکان)دا زیاتر رەمزو سەفەری عیرفانی خراوەتە روو، کەمتریش بوار بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێ کە بەنیازی سەفەر کردن بچێتە ناو هزری زەینی . عەینی. ئەم کتێبە ناوەڕۆکەکەی خۆی زیاتر لەسەر سەفەری زەینی ـ عەینی چڕکردۆتەوە بە شێوە عیرفانییەکەی، واتە ئاسمان یا نوورانییەتی دنیای ئایینپەروەری لە شوێنی خەیاڵ دایەو زەمین یا دنیای توڕهەڵدراوی بێ ئایینی لە شوێنی واقیع دایە، بەڵام کتێبی (ئەفسانەکانی حەوت گومبەز) دەتوانێ رێك ببێتە ئەوەی کە ئێمە لەسەفەردا بە مرازی دەخوازین، لەم کتێبە هۆنراوەیەدا حەوت سەفەری زەینی . عەینی گێڕدراوەتەوە هەر گێڕانەوەیەکیش لە گۆشە نیگاو لەسەر

زمانی یەکێ لە کەسایەتییەکانی کتێبەکەیەو تیایاندا هەموو چەمکە شیاوەکانی سەفەر بە یارمەتی ئەو هێما زەینی ـ عەینیانە دەخاتەڕوو، کە مرۆڤ ناسیویەتی و تاقیکردۆتەوە.

ئەوەی تا ئێستا باسکرا پشتی بەست بوو بەو دانراوانەی کە بۆمان ماونەتەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دنیای خۆمان و لەم رۆژگارە بدوێین، دەتوانین چەندین نموونە لەمبارەیەوە بهێنینەوە (ئارمسترۆنگ)بە هۆی ئەپۆلۆ 14 قۆڵ و باسکی خۆی بۆ یەکێک لە سەفەرە زەینیەکانی مرۆڤ هەڵکردو لە زەوییەوە بەرەو مانگ سەفەری کرد، ئەو سەفەرێکی عەینی ئەنجامداو هەموو دنیا لە رێگەی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بینیان، مرۆڤ ساڵانێکی دوورودرێژ بوو بیری لەسەفەر بەرەو مانگ یا بەرەو هەسارەکانی دیکە دەکردەوە، لە راستیدا ئەم خولیایە دەست پێکی سەفەرێکی زەینی بوو، پێشتر بۆچوونەکانی خۆی بە شێوەیەکی سادە دەخستە روو، هیچ بۆچوونێکی ئاشکرای لەسەر گۆی مانگ نەبوو، سەفەری خەیاڵ یا زەینی ئازاد بوو، هەر کەس و شتێک لەوێدا جێگیر دەبوو، کات و شوێن لەو سەفەرە زەینییەدا کۆتاییان نەبوو، رێک وەک ئەوەی (شازادەی بچکۆڵە) پاڵەوانی چیرۆکەکەی (سانت ئۆگزۆپەری) لەسەفەرەکەی خۆی ئازاد بوو.

(ئارمسترۆنگ) وێنەیەکی بەرچاوی سەفەری زەینی مرۆڤەو (شازادەی بچکۆڵە)ش شێوەی زەینیی سەفەری عەینی مرۆڤە، ئاشکرایە کە (ئۆگزۆپەری) فڕۆکەوان بووەو زۆر سەفەری کردووە، ئەو لەسەفەرە عەینییەکانی خۆی سەفەرێکی خولقاند کە ئەگەری ئەزموونی سەفەر بە ئێمەش بدا، بێگومان ئەو یادگاری و یاداشتانەی سەفەرەکەی ئۆگزۆپەری ناتوانێ ئەو ئەزموونەمان پێ پیادە بکات کە ئێمە لەسەفەری (شازادەی بچکۆڵە) دەستمان دەکەوێ، ئێمە بە خوێندنەوەی چیرۆکی (شازادەی بچکۆڵە) بەئەزموونی سەفەرێکی زەینیو مەحاڵ دەگەین، چیرۆکەکە دەرفەتی ئەوەمان پێدەدا کە بچینە شوێنی ئەوو سەفەری ئەو تاقیبکەینەوە، لە کاتێکدا کە (ئارمسترۆنگ)ئەگەری پێچەوانەی ئەمەمان پێدەدات، (ئۆگزۆپەری و ئارمسترۆنگ) لەیەک زەینییەتەوە دوو عەینییەتمان پێدەناسێنن. مرۆڤ سەرەتای هەردوو زەینییەتە، خولیای سەفەر بۆ شوێنە نەناسراوەکان هەمیشە لای مرۆڤ بووەو نیگەرانی کردووە، (ئارمسترۆنگ) بەسوود وەرگرتن لەم خولیایەی مرۆڤ پێدەنێتە سەر گۆی مانگ و زەمینەی خەیاڵمان سنووردار دەکات.

ئێستا زیاتر لە سێ دەیەیە ئیتر ئێمە ناتوانین وەک رابردوو دەربارەی مانگ خەیاڵ چنی بکەین، (ئارمسترۆنگ)لەسەفەرەکەیدا زەینییەتێکی نوێی دەربارەی سەفەری گۆی مانگ بۆ هێنایین، هەروەها ئەگەر کەسێک لە دنیای پاش مردن بگەڕێتەوە چیرۆکێکی بەرچاوی بەهەشت و دۆزەخ بگێڕێتەوە نەک تەنها زەینییەتی هەمووومان، بەڵکو سەفەرە زەینییەکانمان بۆ ئەو دنیا بەگشتی دەگۆڕێت، سەفەری زەینی (دانتی)ش بۆ ئەو دنیا لە (کۆمیدیای خواوەندی)دا چیتر ناتوانێ وەک رابردوو بە خوێندنەوەی سەرقاڵمان بکات، وەک چۆن خوێنەری ئەمڕۆی چیرۆکی(حەوت هەزار فەرسەخ لە ژێر دەریاوە) ناتوانێ دەست بۆ ئەزموونێک ببات وەک خوێنەری جاران، ئەو کاتەی کە هێشتا مرۆڤ پەی بە قووڵایی دەریا نەبردبوو هەروەها کەشتییە ژێرئاوییە زەبەلاحەکان دروست نەکرابوون.

ژیانی رۆژانەی هەر یەکێکمان پڕە لەسەفەری زەینیو عەینی، کاتێ کە عاشق دەبین ناچارین سەفەری زەینی دەکەین، تەواوی تێڕوانینەکانمان لە ژیانێکی عەینی باڵاتر لەوەی کە هەیە لە بزاوتن دایەو بەرەو سەفەری دوورودرێژو هەندێ جار مەحاڵیشمان دەبەن، کاتێ زەماوەندیش دەکەین و بەدڵخوازی خۆمان

دەگەین سەفەری عەینی پیادە دەکەین، لە دنیای زەینی بەرەو دنیای عەینی هەنگاو دەنێین، لە راستیدا تا ئەو کاتەی کە بەمەرام نەگەیشتووین هەر یەك لە ئێمە لەڕووی فراوانی زەمینەی خەیاڵ و فڕین بۆ سەفەرە دووردرێژەکان (شازادەیەکی بچکۆڵەین)، کاتێکیش دەچینە سەفەرێکی عەینی و ژیانێکی جووتەوانەیی لەگەڵ دڵخوازی خۆمان دەست پێدەکەین (ئارمسترۆنگ)ێکین، واتە ئیتر ناتوانین لە سەفەرەکانی خۆماندا ئازاد و سەربەخۆ بین و شوێن پێی هەزار خەیاڵی شیاوو مەحاڵ هەڵبگرین.

سەرەنج:. ئەم بابەتە پوختەی باسێکی (مەنسور کوشان)ە کە وەك سیمینارێك ساڵی پار لە نەرویج پێشکەشی کردووە.

سەرچاوە:روزنامە شرق ، شمارە275 ،اوت/ 2004

لە ژمارە(1)ی گۆڤاری هزرین بلاْوبۆتەوە